# ڕۆژێک بۆ ئاشتی و ناتوندوتیژی

لە دونیایەک کە مەوداکانی دایلۆگ و ئاشتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێ ،لە دونیایەک کە مشەخۆرانی ئاگری شەڕەکان وئاژاوەکان، لەجیاتی زانا و مامۆستاو وشاعیرە پەرچەم سپیەکان ،بە شمشێر وتانک بە خوێن و بۆنی بارود ڕۆژ بە ڕۆژی ژیانمان دەنوسنەوە،لە دونیایەکی وادا ،نوزەیەک لەجیهان دەیەوێ دەنگە سپیەکانی بەرشلۆنەی ئیسپانیا ،بە گۆرانیە خەمبارەکانی کۆڵانی هەژاری لە دەلهی ،بە ئومێدێکی تر لە بەرەنگار بونەوەی توندو تیژی لە هەولێر گرێ داتەوە.



کەم نین ئەو سیاسەتمەدارانەی زۆر بە ئاشکرا لە مامەڵەی گەیشتن بە دەسەڵات و یان پاراستنی ، ماتماتیکانە هێزو زەبرو زەنگ دەکەنە تاقەرێگای مانەوەی خۆیان و لەناوبردنی ئەوانیتر ،کەم نین ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی بە هەمان ڕیتم لاسایی دەسەڵات دەکەنەوە.زەبرو زەنگ و توندو تیژی و شەڕەکان بوونەتە روخساری سەردەم،بوون بەو کابوسە درێژدادڕانەی بەڕۆژ ژیانمان دەبا و بە شەو خەونەکانمان دەبا. بۆ دەبێ تا سەر بە دیار ئەم چارەنووسە سەپێنراوە ،بە دیار ئەم مەینەتیە گشتیە بتلێینەوە،ناکرێ لە جیاتی خومەینی لاسایی بودا بکەینەوە ؟ ناکرێ پارچەیەک لە قوماشی جلە زۆر هەرزانەکەی گاندی بکەین بە ئاڵای سەر سەتارەی ماڵەکانمان ؟سەبەتەیەکیش پڕپڕ لەمیوەی گۆرانیە سپیەکانی، لە جیاتی باوەشی ئاشتی بە خۆمان و بەوانەی وا دەزانین دوژمنین بە یەکتری بگۆڕینەوە ؟



لە دونیایەکی وادا، نیو سەدەیەک لەمەوبەر ، ئەو لەبەرامبەر زوڵمی ئیمپریالی بەریتانیا وتی نا بۆ توندو تیژی و بەڵێ بۆ سەربەخۆیی،ئەو لە هیندستان کە دەمارگرژی و ناسیۆنالیزمی کوێری نەتەوە فرە جیاوازەکان بەربونە گیانی یەکتر،کاتێ کۆڵانەکان و ڕووبارەکان و شەمەندەفەرەکان پڕ بوو لە مەیتی یەکتر ،ئەو سەر لەنوێ وتی نا بۆ توندو تیژی بەڵێ بۆ مرۆڤ وبۆ ژیان،ئێمەش ئەمڕۆلەدەستمان دێ،هەر یەک لە گۆشەیەکی جیاوازەوە بەها مرۆڤایەتیە جیهانیەکان وەکو نەسیمێکی فرەڕەنگ لە هەواو مرۆڤی ئەم زەمینە چاو لێ بکەین ،ببین بە سەدای گاندی و بۆ مرۆڤ بۆ ژیان دەست هەڵبڕین پەنجەرە قفڵ دراوەکان لەیەکتر بکەینەوە .

هیچ پاساوێک نیەلە دونیا بۆ خوێن ڕشتن ،هیچ حەقێکی سەپێنراوی کلتوری یان ئاینی یان یاسایی جێ ی قبوڵ کردن نیە کە ماف بداتە مرۆڤ بۆ دەست تێچونی لە سەندنەوەی حەقی ژیان لە مرۆڤێکی تر،توندو تیژی ڕەفتاری جەنگەڵەو شەرمە لەچەرخی بیست ویەکدا،لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دونیادا توندتر لەسەردەمانی پێش شارستانیەت خۆی تازە دەکاتەوە،شەرمەدەمارگرژیەسیاسیەکان،ڕێی خۆی لە نێو بەرنامەی حیزبە سیاسیەکان و وتار نوسەکانی ڕۆژ دەدۆزێتەوە،شەرمە منداڵان،کچان،پیرو پەک کەوتوەکان یان خۆیان دەکوژن یان دەکوژرێن،شەرم و تاوانە لەسەرماچێک ژیانت لە دەست بچێ ،تاوانەلەسەر بیرکرنەوەیەکی جیاواز لە ویتر ژیانت لە دەست بچێ،تاوانە لەسەر ڕەخنە گرتن سوکایەتیت پێ بکرێ ودارکاری وتفت لێ بکرێ .

سایتی دەنگەکان هەمیشە دەنگی ئەنتی توندو تیژی بووەو لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام دەبێ،سایتی دەنگەکان هەمیشە دەرگای واڵایە بۆ هەموو بیرو پڕۆژەیەک کە ئەنتی توندوتیژی بکا بە ئەجێنداو پەیام لەئەمڕۆی دونیادا،بەرزو بەڕێز بێ،ڕۆژی جیهانی ناتوندوتیژی ،بەڵێ بۆ ژیان ،بەڵێ بۆ مرۆڤ.

شلێرڕەشید    ڕزگار عومەر    گۆران عەبدواڵڵە
دەستەی بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکان